# کێ بەرپرسی رایەڵکە جاسووسی یەکانی نێو حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانە؟!!

پێش ئەوەی بێمە سەر ئەسڵی مەتڵەبەکە و پێکەوە لەگەڵ ئێوە خوێنەرانی بەڕێز و بەتایبەتی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕات بچینە نێو قوڵایی ئەو رایەڵکە گوماناویانە کە لەژێر ناوی دڵسۆزی و کارکردن بۆ حیزب، تەشکیلاتەکانی حیزبی دێموکڕاتیان تا رادەیەکی زۆر داڕزاندووە. پێویستە ئەوە روون بکەمەوە کە هەر لە دوای کۆنگرەی ١٢ را بە بەرنامەیەکی لە پێشتر داڕێژراودا، رەنگ و سێبەری مۆتەکانی رێژیم بەسەر حیزب داکێشراوە. مەسەلەی ئاڵ وگۆڕی رۆژهەڵاتی نێوەراست و تێکشکان و وەتەنگهاتنی یەک لە دوای یەکی دیکتاتۆرەکانی ناوچە، قەرارگرتنی کێشەی کوردستان بە هەموو پارچەکانیەوە لە رۆژەفی نەتەوە یەکگرتووەکان و زلهێزەکان، داگیرکەرانی کوردستانی وەک دووپشکی نێو ئاگردەورلێدراو لێکردوە. رێژیمی کۆنەپەرستی ئێران کە خاوەنی دونیایەک تەجروبەیە لە کوشت و کوشتار و تیرۆر، لە فڕوفێڵ و ئاژاوە. بە دانانی بودجەیەکی کەلان بۆ بەرهەڵستکاری  و لە نێوبردنی هێزە ئۆپوزیسیۆنەکانی ئێرانی بە گشتی و کوردستانیەکان بە تایبەتی و لەپێشەوەی هەموویان حیزبی دێموکرات. رێژیمێک کە دەستی هەیە لە تێکدانی ئاشتی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکان. رێژیمێک بەخێوکەری حیزبوالله ی لوبنانە، پاڵپشتی سووریایە و قەرێ قەرێنیەتی لە پاکستان و ئەفغانستان. رێژیمێک لە بەربەرەکانی دایە لەگەڵ ئەمریکا و پرۆسەی جێگیر بوون و ئاساییشی حکومەتی فیدڕاڵی عێراق. مەسەلەی پیتاندنی ئۆرانیۆم و سازکردنی چەکی ئەتۆمی، شاشەی تەلەفزیۆنەکانی جیهانی پێ داگرتووە. لەهەر هەل و دەرفەتێک بۆ بزواندنی ئیحساساتی ئیسلامیە توندڕۆکان لە ئاستی جیهانی دا بە قازانجی خۆی کەلک وەردەگرێ.

ڕێژیمێکی بەمچەشنە دەکرێ دەستی نەبێ لە کللۆرکردن و داڕزاندنی حیزبی دێموکرات؟ حیزبێک تەیموری مستەفەوی و شاهۆ حوسێنی تیئوریسێنی بێ حاڵی لەمەباشتر نابێ کە هەیەتی!هێندێک جار لێر ولەوێ دەکوترێ کە ئەم قسانەو ئەم نووسینانە جێگایان نێوخۆی تەشکیلاتەکانی حیزبە نەک سایتەکان. منیش دەڵێم وایە، بەڵام دەتوانن تەشکیلاتێک بۆمن ناوبەرن کە ئەندامانی ئەسڵی ئەم حیزبە بتوانن بە ئازادی بیروڕای خۆیان دەرببڕن. نموونە سیمیناری بەرێز مامۆستا حسن زادە لە دەفتەری سیاسی و بێحورمەتی کردنی لەلایەن عیرفانی رەهنموون. لێرەدا پێویست ناکا دووبارە ئەم شەخسەتان پێ بناسێنم، لەبەر ئەوەی کەسێک بەناوی باوەیادگار لە ماڵپەڕی کوردستان نێت بەڕێکەوتی ٢٠٠٦/٠٢/١٠ بەوردی لەسەر کەسایەتی ناوبراو و هاتنی بۆنێو ریزی حیزب باسی کردووە! ماڵی ئاوابێ کاری منی کەمێک ئاسانتر کرد. پاداشتیعیرفان رهنمون ئەوە بو کە کرا بە بەرپرسی بەقەول دەفتەری حیزب لە سولەیمانیە. هەر ئەم هۆیەشە کە تا ئێستا حکوومەتی هەرێم لەم شارە ئیجازەی کردنەوەی دەفتەری بە باڵی کاک مستەفا هیجری نەداوە.

کۆنفرانس و کۆبوونەوەکانی حیزبی جۆرێک رێکدەخرێن کە کەس جورئەتی ئەوەی نەبێ رەخنە لە دەزگای دەسەڵات بگرێ، یەکسەر دەستەی دەروێش وەخۆ دەکەون و بە قسەی گەندەڵ و تەوس و پللار رێهاڵاندن و تێرۆری شەخسییەت جوابی دەدەنەوە! ئەمڕۆ قسەی مەنتیقی و حیسابی باوی نەماوە. رابردوو و زەحمەتی ئەندامە تێکۆشەرەکان نرخێکی بۆ داناندرێ. وەلانان و لە پەراوێز خستنی کادرە چالاک و خاوەن ئەزموونەکان لە پرۆژەی کاری رۆژانە دایە.

لەم رۆژانەی ئاخیردا، بەڕێز کاک ئەحمەدی عەزیزی وتارێکی تیئوری و بابەتیانەی لە ژێر ناوی" بارودۆخی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پێویستی بە گۆڕانکاری" ، لە سایتەکاندا بڵاو کردەوە. تەنیا چەند کاتژمێر لە سایتی حدکای سوئێد داندراو دواتر بە دەستووری شاهۆ حوسێنی

لابرا. هەر بەمەش رانەوەستا و دەستەی دەروێشی لێ هاندا تا بەدژی ئەم وتارە پڕ لە نێوەرۆکە بدوێن. بێ ئەوەی زۆرێک لەم کەسانە خوێندبیانەوە، یان ئەگەر خوێندبیانەوە دڵنیام لێی تێنەگەیشتوون! تەنها شورەکای کاک مستەفا نەبێ کە دەزانن ئەم وتارە راست لە دژی ستراتیژی ئەوانە! با لێرەدا کورتی کەینەوە و ئاگاداری کەتنێکی دیکەی ئەم جیناحەتان بکەم و جا لە دوایی دا دێینە سەر رایەڵکە جاسووسی یەکانی رێژیم لە نێو حیزب دا.

دوای ئەوەی شورەکای کاک مستەفا خوێندنیان لە زانستگاکانی کوردستان لە کادر و ئەندامانی حیزب یاساخ کرد، شەپۆلێکی توندی رەخنە و بێزاری ئەندامان و دڵسۆزانی حیزبی بە دواوە بوو، کە بەشێکیان لە چەندین وتاردا خۆیان نواند. ئەم کارە بوو بەهۆی ئەوە کە کاک مستەفاش هاودەنگی لەگەڵ رەخنەگران بکا. بەڵام تاقمی دەسەڵاتدار بە سەرۆکایەتی حەمە نەزیف قادری، پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە ئەمە بڕیاری دەفتەری سیاسی یە و ناکرێ هەڵوەشێتەوە.( بۆ ئاگاداری ٣ کەس لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی هەرئاگاشیان لەم بڕیارە نەبووە تا کاتی بڵاو کردنەوە). ئەم کارە تەنانەت بوو بە توورەیی بەشێکی بەرچاو لە دەست و پێوەندەکانی خۆیان. کار گەیشتە جێگایەک کە کاک مستەفا و شوورەکا چاوپۆشی لە بڕیارەکەیان بکەن و کۆمەڵێکی بەرچاو لە کادرەکانی حیزب خۆیان ناونووس بکەن بۆ بردنەسەری رادەی زانیاری و بەدەست هێنانی پلەی لیسانس و فەوقی لیسانس...

ئەمکارە کە لەگەڵ ستراتیژی جیناحی دەسەڵاتدار یەکیان نەدەگرتەوە، واتە بردنەسەری ئاگاهی سیاسی و کۆمەڵایەتی کادر و ئەندامان، جیناحی حەمەنەزیف کەوتنە داڕشتنی پیلانێکی تازەتر بۆ بەرگری لەو کەسانەی کە ئامادەی گوێ لەمستی و ئاغابەڵێ نین و خۆیان بە ساحێب نەزەر و کەسایەتی خۆیان دەزانن ، کە کۆسپیان بۆ دروستبکەن بۆ وەرگرتنیان لە زانستگاکانی کوردستاندا. هەربۆیە سەید ڕەزا درووودگەر و چەکۆ ڕەحیمی

لێدەکەنە بەرپرس و بەڕێوەبەری پیلان. پیلانەکەش بەم شێوەیەی خوارەوەیە:
جیناحی دەسەڵاتدار بەسەرۆکایەتی حەمەنەزیف قادری و تەیموور مستەفایی و کاوە بارامی، لیستێک لە ناوی ئەو کادرانەی کە خۆیان بۆ درێژەدانی خوێندن ناونووس کردووە، دەردێنن و وەک گوومان لێکراو و پیاوی ڕێژیم دەیدەن بە ئاسایشی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی سلێمانی لە کۆیە. بە قەولی وان گۆیا ڕێژیمی ئێران دەیهەوێ لە نێو زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دا رایەڵکەی جاسووسی دروست بکات!! کاتێک ئەم لیستەیە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر مەدرەکەکانیان وکەسایەتیان و هەروەها ئەم مۆرە سوورەی کە لێیاندراوە، دەدرێ بە" هەیئەتی چاوەدێری" بەسەر کوردەکانی رۆژهەلات دا. بۆ زانیاری خوێنەر ئەم هەیئەتە پێوەندی راستەوخۆشیان هەیە دەگەڵ دانیشگاکانی ئێران و رۆژهەلاتی کوردستان. کاتێک چاو بە لیستەکەدا دەخشێنن دەبینن چەندکەسێک لەمانە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی کوردستان و رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانن!! هەیئەتی چاوەدێری بەرپرسی ئاسایش بەناوی رەفیق محمد ئاگادار دەکەنەوە کە مەعلووماتەکەیان زۆر ناتەواوە و دوورە لە راستی. رەفیق محەممەد وڵامیان دەداتەوە کە ئەم لیستەیە لەلایەن حیزبەوە بەوان دراوە. هەربۆیە دەبێتە جێگای سەرسووڕمانی زیاتری دەستەی چاوەدێری زانستگاو دەفتەری سیاسی لێ ئاگادار دەکەنەوە. کاک مستەفا بۆ لێکۆڵینەوە لەم مەسەلەیە کە بە رواڵەت لێی ئاگادار نەبووە، یەک دوو نەفەر دەنێرێتە لای ئاسایش.
بەرپرسی ئاسایش ئاگاداریان  دەکاتەوە کە ئەم لیستەیە لەلایەن چەکۆ رەحیمی و سەید رەزا دروودگەر دراوە بەوان. کاک مستەفا لە دوای ئەم دوو نەفەرە کە ئەندامی کومیتەی ناوەندی لیستی جیناحی بە قەول نوێخوازو چاکسازی خۆیەتی، دەنێرێ و لە جەلەسەی دەفتەری سیاسی دا، سەرکۆنە بەدەم دەکرێن!! بەڵام حەمەنەزیف و هاوپیاڵەکانی بۆ ئەوەی

دڵی  چەکۆ رەحیمی و هاوتاقمەکەی خۆیان نەیەشێنن و بە بیانووی دیتنی چەند برادەری تەشکیلاتی نێوخۆ و دانی مەئمووریەتێکی دیکە و هەروەها حەسانەوە دوای ئەو حەماسەیە رەوانەی وڵاتانی ئورووپایی دەکەن!
کاک چەکۆ دەبێ ئەوەی باش بزانێ پێشینیان وتوویانە:" ئەگەر ماڵت لە شووشەی دروستکرابێ نابێ بەرد لە پەنجەری خەڵک بگری!"
چەکۆ رەحیمی کە بەرپرسی کۆمیتەی ئێستای ئەمنییەتی جیناحێک لەحدکایە، ماوەیەکی زۆرە زەمزەمەی لیێڵی هەڵس و کەوت و پێوەندی لێ دەکرێ! چەکۆ سەری دە بەفرێ ناوە و پێی وایە کەس نای بینێ! ناوبراو لە هەموو کەس زەنینە و بەشکە. نە لەنێو بارەگای حیزب و نە لە دەرەوەی وڵات حەز بە دیتنی خەڵک ناکا. زۆرتر شیفتەی کاری نهێنی و ژێر زەمینیە!! لە باری سایکۆلۆژیەوە لەگەڵ ویژدانی لەشەڕ دایە، وێدەچێ بە تەپکەیەوە بووبێ! و خۆڕزگارکردنی لەم شەڕایتەدا گەلێک دژواربێ!
گرفتی ئەو زیاتر بنەماڵەی خێزانەکەیەتی. لە زۆربەی خەڵکانی ناوچەکانی شنۆو پیرانشار شاراوە نیە کە بنەماڵەی مینە خنکاوی ناسراو بە "جەڵدیانی" کە دەبێتە خەزووری کاچەکۆ چکارەن! تا ئەم دواییانەش منالەکانی کاچەکۆ لە شاری شنۆ دەست پەروەردەی خاڵەکانیان بوونە بە تایبەت سەلیم جەڵدیانی! کە چەکداری رێژیمە. ناکرێ بڵێم جاشە، لەبەر ئەوە ئەم وشەیە لە نێو حیزب دا زۆر بەکار دێ و خەریکە ماناو مەفهوومی خۆی لەدەست دەدا!!  رێژیمێک کە هەموومان دەیناسین،بڵێی هەروا لەمکارە بێ دەنگە بکا و هیچ پلان و بەرنامەیەکی بۆ بەرپرسی ئەمنییەتی حیزب نەبێ! کەین و بەینی ئەوکابرایەی کە ژنە شەهیدێکی مارەکردۆتەوە و هاتۆچۆکانی بۆلای کاک چەکۆ بە پرێسکەیەک لە هەرامەکە! ناکرێ ماستێکی بێ موو بێ!!  دووسێ ساڵ لەمەوبەر،چەکۆ لە ئاڵمان چاوی دەکەوێ بە حاجی مستەفا قادری "جەڵدیان". حاجی مستەفا(برازای حاجی محەممەدی جەڵدیانە کە بەدەستی حدکا لە بەرگی جاشەتی دا کوژرا) حاجی مستەفا ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی بەرامبەر بە

١٩٨٥میلادی نوێنەری شارەکانی شنۆ و پیرانشار بووە لە مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی ئێران لە تاران. حاجی مستەفا کاتی گەڕانەوەی بۆ شاری شنۆ بە ئیفتیخارەوە رای دەگەیاند کە کوڕێکی تازە لەدایک بووە و ئاغای رەفسەنجانی ناوی ناوە! گۆیا ناوبراو پێوەندیەکی باشی لەگەڵ سەرۆک کۆماری ئێستای رێژیم واتە مەحمودی ئەحمەدی نژاد هەیە.
لێرەدا لەبەر هێندێک هۆ ناکرێ زیاتر لەسەر ئەم باسە بڕۆم! تێبینی:( رەنگە لە ساڵەکەدا هەڵەکرابێ) نووسەر.
سەفەری ئەم جارەشیان هەر لە راستای ئەم شێوە پێوەندیانەدایە...! بۆ نموونە کەسێک بە ناوی مستەفا ر. پ. کە ماوەیەک لەمەوبەر بە قەولی خۆی بە قاچاخی هاتۆتە ئوروووپا، قەرارە یەکتر بگرنەوە کە زۆربەی ئەم دیدارانە سەراپایان گوماناوین !!

**با بزانین مەئمووریەتی تازەی کاک چەکۆ چیە!!**

مەئمووریەتی تازەی ناوبراو بە رواڵەت بۆ چارەسەری گوێچکەی هاتووە( گۆیا موشکیلەی گوێی ناوبراو بوو بەهۆی ئاشکرابوونی مەسەلەی زانکۆ!) بەڵام لە راستی دا پێکهێنانی کۆمیتەیەکی ئەمنیەتیی لە ئورووپایە! با کەمێک وردتر لەمکارە وردبینەوە و پرسیار بکەین و بڵێین پێکهێنانی کۆمیتەی ئەمنیەتی لە ئورووپا بۆچی؟ بۆئاگاداریتان زۆربەی ئەندامانی حیزب لە ئورووپا، بوون بە سیتیزێنی ئەم وڵاتانە و بەپێی قانوون، پۆلیسی هەریەک لەم وڵاتانە ئەرکی سەرشانیانە کە پارێزگاری لە هاووڵاتیانی خۆیان بکەن! ئەندامانی ئەم کۆمیتەیە زیاتر لەم کەسانە پێک دێنێ کە نیشانەی پرسیاریان لە پشتە! لە کەسانێک کە رادەی خوێندەواری سیاسی و باری کۆمەڵایەتیان لە خوارێ یە! لەکەسانێک کە پێشتر خۆیان تەحویلی رێژیم داوەتەوە یان لە جاشەتی و جاسووسی کردن بۆ رێژیم بە قەول دەستیان هەڵگرتووە. چەند مانگ بەر لە گرتنی کۆنگرەی ناپیرۆزی ١٣، دەنگۆ و دەهۆیەک لە نێوخۆی حیزب سازکرا کە تائێستاش هەر بەردەوامە! پەرەپێدان بە ناوچەگەرایی، شکاندنی کەسایەتیەکانی حیزب،

بەلارێدا بردنی خەتی ئەسڵی حیزب، بە خێشکە کێشانی حیزب بەرەو سەڵتەنەت تەڵەبەکان و پانئێرانیستەکان و...... هەمووی ئەمکارانە لە پشتی پەردەوە هیدایەت دەکرێن. با هێندێک نموونەی دیکە بێنینەوە، بێ ئەوەی بچینە نێو قووڵایی فایلەکان. لە کۆنفرانسی هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ کۆنگرە لە سوئێد، یەکێک لە بەشدارانی کۆنفرانسەکە(کەریم- ح) بێ ئەوەی باسەکانی کۆنفرانس پێوەندی بە تێرۆری شەهیدی مەزن دوکتور قاسملوو وە هەبێ، هێرش دەکاتە سەر یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و شەخسی مام جەلال لەو تێرۆرەدا بە تاوانبار دەناسێنێ! پاداشتی ئەم کارەی چ دەبێ؟ وەک نوێنەری کۆنگرە ناوی لە لیست دا دەنووسرێ وهەڵدەبژێردرێ. لە پاشانیش وەک ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمیتەی سوئێد دیاری دەکرێ! کەسێکی دیکە کە کاتی خۆی لە پایەگای رێژیم را خۆی تەحویلی پ.م کانی حیزب داوە، ماوەیەکیش لە دیانان و رەواندز هاوکاری ئیستخباراتی رێژیمی عێراق بوو. لەبەر ئەوەی لە بنەوە بەرپرسی رێک و پێک کردنی لیستی دەنگ دەران بە قازانجی جیناح بوو. وەک نوێنەر بۆ کۆنگرە دیاری کراو پاداشتی ئەم کارەش بەرپرسی تەشکیلاتی ٤٠٠ کەسی پێسپێردرا! کەسێکی دیکە کە خەڵکی مەرگەوەڕە لە کانەدا خۆی مەڵاس داوە و بە دووسەرە کاردەکا! لە ژێر پەردەی کارکردن بۆ دەزگای پاراستنی پارتی دێموکرات، راستەوخۆ چالاکیەکانی دەداتەوە بە ئێران. لە فالانژی دا هەڵمی لێ هەڵدەستێ! پاداشت، بەرپرسی پێوەندی حیزبە. لە ئەمریکا برادەرێکی تازە ئەندام کە بەیناو بەین هاتوچۆی ئێران دەکا، وەک بەرپرسی پێوەندی حیزب دیاری دەکرێ! لە نورویژ شاهید هەیە کە هەر لە کاتی بەڕێوە چوونی کۆنفرانس، یەکێک بە زمانی فارسی راپۆرت لەسەرکۆنفرانسەکە دەدا! هەر لە نورویژ کە سێکی دیکە لێڵی هەڵس وکەوتەکانی پرسیار سازکەرە، بەجێگای دیالۆگ کورسی رێهالاندنە! لە سوئێد ٣ لاوی خوێن گەرم و نیشتمان پەروەر، لە دایک بووی نێو شۆڕش و کورە شەهید، دەکەونە بەر دادگایی و تاوانبار

دەکرێن بە دزی. هەر لەبەر ئەوە، بەربەرەکانی لەگەڵ رەوتی جیناح بازی لەنێو یەکیتی لاوان و هەروەها خۆیان بۆ ئەندامی بەڕێوەبەری دەستەی کارگێڕی یەکێتی لاوان دیاری دەکەن! ٣ کەس وەک هەیئەتی لێکۆڵینەوە بۆ ئەم لاوانە دیاری دەکرێ. ئەوە لە کاتێک دایە کە هەموو حیساباتی ئەم یەکێتیە دوای خەرج و مەسروفات حیسابدارێکی رەسمی سوئێدی بەسەری دا دەچێتەوە و بۆیان رێک و پێک دەکاو تەحویلی دەزگای پێوەندیداری دەدا. پێش لێکۆڵینەوەکە زۆر بەی رەسیدی خەرجی بەرپرسی پێشوو دەردەهێنن. ئەم ٣ نەفەرە کێن؟! نەفەری یەکەم(ئە- س) لە لیستی "افشاگری" حمیدرضا ذاکری وەک جاسوسی رێژیم ناوی هاتووە، بەڵام تا ئێستا لەلایەن ناوبراوەوە هیچ روونکردنەوەیەک نەدراوە! بۆ زانیاری زیاتر بڕواننە سایتی زاکری.
( www.persian.se

نەفەری دووەم:(ک-ق) گۆیا دوای تەسلیم بوونی باوکی لەژێر شکەنجە لە زیندانی رێژیم، قەولی هاوکاری بەرێژیم داوە و تەنانەت باس لەوە دەکرێ کە بەسەر و نێوچاوان بەستراوی لە ماشێنی سارواللەی رێژیم لە مهاباد بۆ شناسایی ئەندامانی حدکا دیتراوە. ناوبراو یەکێک لە ئەندامە هەرە توندڕەوەکانی پ.ک.ک بوو. لە بەردەفرکە و دەست بەسەرداگرتنی دەفتەری یەکێتی لاوانی سۆسیال دێموکراتەکان لە ستۆکهۆڵم بەشداری کرد و بۆ ماوەیەک لەلایەن پۆلیسەوە گیرا! دوایی سەری لە یەکێتی لاوانی حدکا دەرهێنا، لە کۆنفرانسی سوئێد٣ لاپەڕە لە بێحورمەتی نامەکەی بەدژی سکرتێری پێشووی حدکا، بەڕێز مامۆستا حسن زادە خوێندەوە! پاداشت، بە بەرپرسی یەکێتی لاوانی حدکا لە سوئێد و لە پاشان ئورووپا دیاری دەکرێ. ئێستا ئەندامی کۆمیتەی بەرێوەبەری حدکایە! نەفەری سێهەم،(ن-ف) ئەندامی پێشووی حیزبی کۆمونیستی کرێکاری. دوای خەبەری تێرۆرکردنی دوکتوور قاسملوو، شیرینی لە نێو خەڵک دا بڵاودەکردەوە. لە زۆربەی کۆبوونەوە و کۆنفرانسەکاندا وتارەکانی زیاتر

لەسەر دنەدان و ئاژاوە سازکردن و جیناح و باندبازی تەنزیم کرابوون.
پاداشت ئەندامی بەڕێوەبەری کۆمیتەی سوئێد و بەرپرسی پێوەندی!
ئەگەر دیقەت بکەن بەشێکی زۆر لە بەرپرسان و ئەندامانی کۆمیتەکانی حیزب لەو قوماشانەن. لە کوردستان مەسەلەکە بە شێوەیەکی دیکەیە کە لەم وتارەدا جێگای نابێتەوە تا کاتێکی دیکە.

دەمهەوێ بڵێم بێدەنگی کاک مستەفا لە راست زۆربەی ئەم کارانەو چاوپۆشی کردنی لە راست ئەم کەسانە نیشانەی تەئییدی تەواوی گفتار و رەفتارەکانیانە! هەربۆیە لە ئێستاوە بەرنامەو زەمینەی شەڕێکی ماڵوێرانکەری نێوخۆی حیزب و هێزەکانی دیکەی کوردستان، لە مێشکی لایەنگران و ئەندامانی کاک مستەفا دا جێگیر دەکرێ! پەرەپێدان بە نزمکردن و هێنانە خواری مستەوای سیاسی و لە هەمان کات دا دوور کەوتنەوە لە کۆمەڵی کوردەواری، شکڵ و شێوەی لە حەرەکاتی ئەم تاقمەدا دەردەکەوێ!

بۆ نموونە تەیمووری مستەفەوی کە بەرپرسی ئێستای بەقەول تەشکیلاتی حدکایە، بەشێوەیەکی زۆر ساویلکانە پەیڤە کرچ و کاڵەکان و ناسیاسی یەکانی خۆی بەشێوەی سی.دی دەنێرێ بۆ تەشکیلاتی نێوخۆ. هاوکات لەگەڵ ئەمە و بەشێوەیەکی بەربلاو و خەرجکردنی پارەیەکی زۆری حیزب بە بیانووی ئەم کارە، تەبلیغاتێکی زۆر ژاراویشی دژی ئەندامانی دڵسۆز و لەمێژینەی حیزبەکەمانی وەرێخستووە! بەشی هەرە گرینگی پەیڤەکانی لەژێر چەتری لایەنگری لە خەتی شەهید دوکتوور قاسملوو و بەقەولی جەنابیان دژایەتی لەگەڵ لادەران دەست پێدەکا!!
پەیڤەکانی بە جۆرێکە کە دەیهەوێ پاکانە بۆ رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بکا لە تێرۆرکردنی شەهید دوکتوور قاسملووداو تاوانەکەی بخاتە پاڵ هاوڕێیانی کۆنی شەهید قاسملوو. هەر وەک ئەو جەنابەی لە سوئێد تەبلیغات دەکا بە دژی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و شەخسی مام جەلال! ئەم کارە دروست لەگەڵ بۆچوونەکانی رۆژنامەی سوپای

پاسداران یەک دەگرێتەوە کە کاتی خۆی ئەم تاوانە گەورەیان بە کێشەی نێوخۆیی لەقەڵەم دەدا!

کۆمیسیۆنی تەشکیلات یەکێک لە ئۆرگانە حەساسەکانی حیزبە. بەرپرسی ئەم بەشە زۆر گرینگە کە لەبواری سیاسی و تەشکیلاتیەوە ئاگایی و وشیاری لەسەرێ بێ و بتوانێ مانۆڕی سیاسی بداو لە هەرچەشنە هەل و دەرفەتێک بەقازانجی حیزبەکەمان کەلک وەرگرێ. گرفتێکی دیکەی کاک مستەفا لەوەدایە کە خراپترین مۆرەکانی لە گرینگترین پۆستەکان داناوە! ئەمڕۆ لاوانی کوردستان ڕێنوێنی و زانیاری کاری تەشکیلاتی لەکەسێک وەردەگرن کە بۆخۆی پێویستی بە فێربوونی زانستی سیاسی، کۆمەڵایەتی، داب و رسوومی کوردەواری و زۆر شتی دەیکە....هەیە. هەمیشە کەسێکی دەوێ کە هەڵە وپەڵەکانی بۆ پینە و پەڕۆ بکا. لەسەر تیئۆریسێنەکەی دیکەش واتە کاک شاهۆ، ئەگەر مەجال بوو لە داهاتوو دا، ئاگاداری هەڵس و کەوتەکانی ئەو بەڕێزەشتان دەکەم. هیوادارم ئەندامە وشیارەکانی حیزب لە روونکردنەوە و لە قاودانی ئەم شێوەکارانە زیاتر چالاکی بنوێنن و چی دیکە نەهێڵن حیزبی دێموکرات لەمە زیاتر ببێتە گەمەی چەند کەسێکی هەل پەرست و دژە نیشتمان و لەهەمان کات دا وریایی و وردبینی لە ئاست تۆڕی جاڵجاڵووکەی ڕێژیم بەکار بێنن.

کاکەباس 2006.02.17

kakabas_95@yahoo.se

ئەمەی خوارەوە دەقی نامەکەی کاک حەمە نەزیفە کە بە نوێنەرایەتی دەفتەری سیاسی نووسیویەتی. مرۆڤ سەری سووڕدەمێنێ لە بیرتەسکی و بیر ساکاری ئەم هاوڕێ یانە! زۆر کەس واتێدەگا کە دەبێ چ شتێک رووبداو چ کارێک پەکی بکەوێ، ئەگەر ئەم کادرانە تەواو وەخت لە دانیشگاکان دا بخوێنن! بۆیە دەکرێ بەئاسانی لەم کەتنەی دوایی کاک حەمەنەزیف و هاوکارەکانی تێبگەی کە لە چ مێشکێکەوە وەها بڕیارێک سەرەولێژ دەبێتەوە و دەستوور بە قامکەکان دەدا کە بخرێتە سەرکاغەز

و بەڕێ بکرێ بۆ ئۆرگانەکان تا ئەمرەکەیان بەڕێوە بچێ و ڕێگربێ لە چوونەسەری مستەوای سیاسی و زانستی کادرەکانی حیزب! بۆخۆتان قەزاوەت بکەن. سەرکەوتووبن!

Democratic Party of Iranian Kurdistan
Political Bureau

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی

١٣٨٤/٦/٢٢

**بۆ هەموو ئۆرگانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**لە گەڵ سڵاو.**

بۆ ئاگاداریتان دەفتەری سیاسی لە کۆبوونەوەی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ١٣٨٤/٦/١٦ی هەتاوی دا، پاش باس و بەرروسی لە سەر وەزعیەتی خوێندنی پەرسونێلی حیزب لە خوێندنگەکانی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە بریاری داوە، تکایە بە پێی ئەم بریارە ئیقدام بفەرموون.

**بریار لە پێوەندی لە گەڵ خوێندنی کادرو پێشمەرگەدا:**

١. لە بنکەکانی حیزب بە پێی توانا کلاسی خوێندەوار کردن بۆ کادرو پێشمەرگە نەخوێندەوارەکان پێک دێ.

٢. ئەو کادرو پێشمەرگانەی بە نیازن لە تاقی کارییەکانی ۶ی سەرەتایی، ۳ی ناوەندی و دیپلۆم بەشداری بکەن، تەنیا بە شێوەی (متفرقە) دەتوانن ئەو کارە بکەن.

ئۆرگانەکانی پێوەندی دار بە ئاگاداری کۆمیسیۆنی کۆمەلایەتی دەتوانن لە ماوەی تاقیکارییەکاندا مەرەخەسی بدەن بەو کەسانە. ئەو مەرەخەسییە وەك مەرەخەسی (استحقاقی) کار یان ساڵانە بە حیساب دێ.

٣. ئەوانەی دیپلۆمیان هەیە و دەیانەوێ لە دانیشگا بخوێنن لە بەر ئەوەی دەبێ بەردەوام لە سەر کلاس حازر بن و ئەوەش نەزمی کارو جۆنیەتی کار کردنیان لە ئۆرگانە حیزبییەکاندا دەشێوێنێ ئیجازەیان پێ نادرێ.

٤. خوێندنی دەورەی فەوقی لیسانس بە مەرجێك تەنیا دوو ڕۆژ لە حەوتوودا لە سەر کلاس ئامادە بن، ڕێگایان پێ دەدرێ لە غەیری ئەوەدا ناتوانن و ئیجازەیان پێ نادرێ.

٥. ئەندامانی ڕێبەرایەتی کە مەئتەعێکیان تەواو کرد، تا چوار ساڵ دواتر ئیجازەی درێژەدان بە خوێندنیان پێ نادرێ.

سکرتاریا

محمد نظیف قادری